Middle East Research Institute

www.meri-k.org

# سەرنجی سیاسی

23 سێپتێمبەری 2018 – بەرگی 4، ژمارە 25

*زوبێر رەسول

# گرنگیدان بە بواری رۆژنامەوانی هاوچەرخ و رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە چەند

*راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بوارێکی زۆر کاریگەرەو بەردەوام لێکەوتەی دیاری هەیە بەسەر پرۆسەی سیاسی بە تایبەت لە ئاراستەکردنی کێشەی نێوان لایەنە سیاسیەکاندا.*

بواری رۆژنامەوانی یەکێکە لە بوارە ئاڵۆزو پڕ کێشەکان، نەك تەنیا لە وڵاتە تازە فراژووەکاندا بەڵکو لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا کە رۆژنامەنووسان تێیاندا زۆرجار تووشی هەڕەشەو سەر ئێشە دەبنەوە، بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە لە وڵاتانی خاوەن دامەزراوە و یاسا سەروەر ئەو بوارە بە میکانیزمی یاسایی و ئیتیکی رۆژنامەوانی رێکخراوە. هەرچی لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئەزموونو سیستمێکی دیموکراسیو دامەزراوەیی بەهێزیان نیە ئەو بوارەش وەك تەواوی بوارەکانی تری کۆمەڵگاو حوکمڕانی بەردەوام هەڕەشەی لەسەرەو هەندێك جاریش لە بری چارەسەر خۆی دەبێتە بەشێك لە کێشەکەکان.

هەرچەندە رۆژنامەگەری کوردی مێژوویێکی تا رادەیەك دوورو درێژی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرواری دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لەقاهیرە لە 22 نیسانی ساڵی 1898، بەڵام ئەمە لە راستیدا بەو مانایە نایەت کە رۆژنامەگەری کوردی پێشقەچوونی گەورەی بەخۆیەوە بینیوەو گەیشتۆتە ئاستی رۆژنامەوانیە پێشکەووتوەکانی دونیا. هەڵبەتە دیارە ئەمەش پاساو و هۆکاری خۆی هەیە، کە دەرفەت نیە لەم راپۆرتە کورتەدا باس بکرێت. ئەوەی جێگای باسکردن بێت ئەوەیە کە رۆژنامەگەری کوردی لە فراوانبوونێکی بەردەوام دایە، بە تایبەت لە دوای 2003 لە هەردوو رووی چەندێتی و چۆنێتی بە گەشەکردنێکی خێرادا تێدەپەڕێت، بەڵام ئەو بوارە تا ئێستا نە لە ئاستی هەستیاری ئەو ململانێ سیاسیو ئیتنی و ئایینیانە دایە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن، نە لە ئاستی ستانداردی جیهانی کاری رۆژنامەوانی پێشکەوتوو پرۆفیشنالیش. فراوانبوونی چەندێتی بە جۆرێك بووە کە لە ساڵی 2010 سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە 5000 ئەندام و 850 کەناڵی میدیایی، کە 415 یان میدیای نووسراو. لە ئێستادا 38 کەناڵی سەتەلایت و 98 تیڤی لۆکاڵی و 160 وێستگەی رادیۆ لە هەرێمی کوردستاندا هەن، ئەمە جگە لە ژمارەیەك رۆژنامەو گۆڤارو وێبسایت کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە کاردان.

*توێژەر لە ئینستیتیوتی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ توێژینەوە (میری)

ئەو فراوانبوونە لە رادەبەدەرەی کاری رۆژنامەوانی ئەگەرچی کاریگەری کردۆتە سەر گەشەکردنی بواری رۆژنامەگەری، بەڵام لە راستیدا کاریگەری نەرێنیشی کردۆتە سەر خودی کاری رۆژنامەوانی لە لایەك و بواری سیاسیو کومەڵایەتیش لە لاییکی ترەوە. چونکە میدیاکان زیاتر دابەش بوون بەسەر لایەنە سیاسیەکاندا، ئینجا چ ئۆپۆزسیۆن بێت یان دەسەڵات، هەندێك کاتیش زیاتر وەك ئامرازێکی ململانێ دەبینرێن لە کایەی سیاسیدا تا بورایێکی پرۆفیشناڵانەی رۆژنامەگەری. تا ئاستێك کار گەیشتۆتە ئەو دۆخەی کە میدیا رۆڵێکی سەرەکی ببینێت لە ئاراستەکردنی کاری سیاسیو حکومی هەروەها ئاراستەکردنی ململانێ نێوان لایەنە سیاسیەکان. ئەم دۆخە بە شایەدی بەشێك لە پەرلەمانتارانی کوردستان چەندین جار بووەتە هۆی لێکترازانی هاوپەیمانێتی و هەماهەنگی نێوان لایەنە سیاسیەکان. ئەگەرچی دۆخەکە بەشێکی پەیوەستە بەوەی کە هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی زۆر سنورداری هەیە لە بواری کاری رۆژنامەوانی هاوچەرخ و بوارەکانی تری رۆژنامەوانی بە تایبەت رۆژنامەوانی بیناوو بەدواداچوون و بنکۆلکاری (Investigative journalism). بەشێکی تری ئەو دۆخەش لە راستیدا وەك "ئیندێکسی بەردەوامی میدیای" Media Sustainability Index- پەنجەی خستۆتە سەر بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەتوانای پرۆفیشنالی کاری میدیای رۆژنامەوانەکان سنوردارەو لە ئاستی میدیای هاوچەرخدا نیە، بە جۆرێك کە تا ئێستاش بوون بە رۆژنامەنووس لە زۆربەی بوارەکانی تری کارکردن ئاسانترە. ئەمەش بەئاشکرا رەنگی داوەتەوە لەسەر کاری رۆژانەی رۆژنامەنوسان، بە جۆرێک لە زۆربەی ئەو کەیسانەی کە دژی رۆژنامەنووسان تۆمار کراوون، لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووسان یەکلا نەکراونەتەوە. لە زۆربەی راپۆرتە رۆژنامەوانیەکانیشدا بەکارهێنان یان پشتبەستن بە توێژینەوە زۆر لاوازە یان هەر نیە. ئەمەش وای کردووە بەشێکی زوری راپۆرتە رۆژنامەوانیەکان لە یەك بچن، تا ئاساتێك لە بەشێکی زۆری راپۆرتی کەناڵە رۆژنامەوانیەکەندا خوێندنەوەی چەند دێرێك بەسە بۆ ئەوەی بزانیت رۆژنامەوانەکە مەیلی کام لایەنی سیاسی هەیەو دەیەوێت چی بڵێت.

هەرچەندە نابێت ئەو لایەنەش نادیدە بگرین کە فرەیی و ئازادی رۆژنامەگەریش لە کوردستاندا قۆناغێکی باشی بریوە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا بێ کێشە نەبووە و چەند بەربەستێکیش هەن کە کێشەیان بۆ ئەو بوارە دروست کردووە. پەیمانگای کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی2008، 75 جۆری توندوتیژی و لە 2009 دا 95 توندوتیژی دژی رۆژنامەنووسان تۆمارکردوون، لە 2014 دا 33 توندوتیژی، لە 2015 ، 32 توندوتیژی، کە گشتیان خۆیی لە ترساندن و لێدانو زیندانیکردنو شکاندنی کەلوپەلەکان و هەتا کوشتنی رۆژنامەنووسانیش بینیوەتەوە، ئەم پێشلکاری و توندوتیژیانە بە داخەوە تا ئێستاش بەردەوامن. لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری ( نەك هەموو) میدیای کوردی بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە خاوەندارێتی یان پاڵپشتی دەکرێت، بۆیە ئەم فاکتەرانە کاریگەریان کردۆتە سەر ئازادیو سەربوخۆبوون و دواتریش پیشەیی نەبوونی کاری میدیای لە کوردستاندا.

لەبەر ئەو کەلێن و کەمووکوریانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا ئینستیتیوتی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ توێژینەوە (مێری) بە پاڵپشتی دارایی حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پێویستیی زانی کە هاوکاری رۆژنامەوانان بکات و لە رێگای ئەنجامدانی چەند خولێکی راهێنان لە بوارەکانی رۆژنامەوانی هاوچەرخو بنکۆڵکاری لە شارو دەڤەرەکانی هەرێمی کوردستان. بە گوێرەی پلانە ئامادەکراوەکە کە تا ئێستا نیوەی زیاتری جێبەجێکراوە، ئامانجی خولەکە ئەوەیە کە راهێنان بە زیاتر لە 250 رۆژنامەوان بکات، ئەویش لە رێگای کردنەوەی نۆ خولی سەرەکی لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە و کەرکوك. بابەتی خولەکان تایبەت دەبێت بە چەند بوارێگی گرنگی رۆژنامەگەری وەك:

ئاشنابوون بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی کوالیتی لە بواری ڕاگەیاندن، ئیتیك و مێتۆدی توێژینەوەی میدیایی، راگەیاندن و رۆژنامەوانی بێلایەنانە، یاساو سنورەکانی ئازادی ڕادەربرین، هەروەها پێوەندی نێوان توێژینەوەی ئەکادیمیو بەدواداچوونی رۆژنامەوانی.

ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم خوولە دەتوانرێت لە چەند خاڵێکی سەرکیدا چڕ بکرێنەوە:

- بەرزکردنەوەی کوالیتی کاری رۆژنامەگەری بە رەچاوکردنی فاکتەرە دیمۆگرافیو ئایینیو سیاسی و کومەڵایەتیەکانەوە، بە جورێك کە خزمەت بە بواری پرەنسیپەکانی مافیو مرۆڤو دیموراسیو حکومڕانی باش بکات.
- پابەندبوون بە ستاندارده جیهانیەکانی رەوشتو پڕەنسیپەکانی کاری میدیای.
- بەهێزکردنی تواناو زانیاریەکانی رۆژنامەوانان لە بارەی بەهاکانی لێبوردەییو پێکەوەژیانو هەروەها کارکردن لە دژی بڵاوکردنەوەی بیری توندوتیژیو توندئاژووی لە هەرێمی کوردستاندا.
- گرنگیدانی تایبەت بە رۆژنامەوان و میدیاکارە خانمەکان وەیان ئەوانەی لە دەزگاو کەناڵی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکانی وەك کلدان، ئاشوری، شەبەك، تورکمان ، ئێزدی، سابیئە، کاکایی، زەردەشتی کار دەکەن.

گرنگیدان بەو ناوچانەی کە دوورە دەستن و کەوتوونەتە دەرەوەی سەنتەری پارێزگاکان، بۆ نموونە شار و شارۆچکەکانی وەک هەڵبجە، چەمچەماڵ، رانیە و سۆران و کۆیە. جونکە ئەم ناوچانە زۆر کەمتر دەستی یارمەتی رێکخراوە بیانیەکان و حکوماتیان پێگەشتووە. هەروەها ئەو ناوچانەی کە لە دەڤەرە ئازادکراوەکانی دەستی داعش وەك ناوچەکانی دەشتی نەینەواو قەزای شەنگاڵ کاردەکەن .

لەکۆتاییدا دەکرێت بوترێت کە ئەم خولەو خولی هاوشێوە دەتوانن رۆڵێکی گرنگیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەو بەرزکردنەوەی ئاستی کاری رۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستاندا. گرنگیێکی تری ئەو جۆرە خولانە ئەوەیە کە راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بوارێکی زۆر کاریگەرەو بەردەوام لێکەوتەی دیاری هەیە بەسەر پرۆسەی سیاسی بە تایبەت لە ئاراستەکردنی کێشەی نێوان لایەنە سیاسیەکاندا، بۆیە وەبەرهێنان لە کاری میدیای رەنگدانەوەی باشی دەبێت بەسەر بوارەکانی تری کۆمەڵگاشەوە، هەڵبەتە نەك تەنیا بواری سیاسی بە ڵکو لە بواری کۆمەڵایەتی و ئاینییش. راگەیاندنو رۆژنامەنووسان دەتوانن رۆڵێکی کارا بگێرن لە پەرەپێدانی کەلتوری پێکەوەژیانو هەماهەنگی نێوان پێکهاتە ئیتنیەکان. گومانی تێدا نیە کە کارکردن لەسەر بواری میدیا لە دوور مەودادا رەنگدانەوەی باشی دەبێت بەسەر پرۆسەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا.

بەکارهێنانی وەکو سەرچاوە: زوبێر رەسول، (2018) گرنگیدان بە بواری رۆژنامەوانی هاوچەرخ و رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە چەند خولێکی راهێناندا، سەرنجی سیاسی. بەرگی 4، ژمارە 25، 2018

---

ئەم بیرو رایانەی لەم بابەتەدا خراونەتەڕوو گوزارشت لە بیروبۆچونی نووسەر دەکەن و مەرج نیە بیروبۆچونی ئینستیتیوتی مێری بن.